# ڕاگرتنی درامای تەلەفزیۆنی ئاریا

# زەمینە خۆشکردنە بۆ فەرزکردنی فەزای کۆنەپەرستی

دوای پەخش کردنی زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی(ئاریا) لەکەناڵی کوردساتی سەربەیەکێتی، هەروەها پاش دەیان بگرەوبەردە بەخاتری دڵڕاگرتنی ئیسلامیەکانی کوردستان بۆ ماوەی زیاتر لە دوومانگ، دوای پەخش کردنی چەند قەڵقەیەکیش لەم درامایە، سەرەنجام پەخشی ئەم درامایە ڕاگیرا.

پاساوەکانی پشتی ڕاگرتنی ئەم دراما تەلەفزیۆنیە بەتەنهاو تەنها بەخاتری دڵڕازیکردنی لایەنە ئیسلامیەکانی ناو یەکێتی لەزانایانی ئاینیو حزبە ئیسلامیەکانیتری کوردستانە، کە دەسەڵاتدرانی سلێمانیو کارمەندانی سەتەلایتی کوردساتی ناچار کردوە بەملدان بە فەرهەنگێك کە نەدوورو نەنزیك پەیوەندیەکی بەئازادیخوازیو ئازادی ڕادەربڕینەوە نیە.

درامایەك کە سەرجەم ئیسلامو بۆچونی ئیسلامی قبوڵەو تەنانەت دەرهێنەرەکەی بە فەرهەنگی ئیسلامیانە دایلۆگی نێوان هونەرمەندەکانیشی داڕشتوە، بەڵام پەردەی لەسەر گۆشەیەکی بچوك لەفەرهەنگی مەلا ئاشکرا کردوەو باسکردوە. کەچی لەبەرامبەریدا ئەم هەموو هەراو هوریایە ئەنرێتەوە. بەڵام ڕۆژانە مەلا ئیهانەو سوکایەتی بە خەڵك دەکاتو جەهالەتی سەدەکانی ناوەڕاست بڵاو ئەکاتەوە ئەبێت خەڵکی لێیان قبوڵ بکات!!

ئەگەر ئەم ملهوڕیە بەرامبەر مافو ئازادیەکانی خەڵك لەدەورانێکدا، بەخاتری گیرفانو قازانجی ژمارەیەکی کەم لەدەسەڵاتداران بەگەندەڵی ناوزەند کراوەو خەڵکیش بەجۆرێك تەحەمولی کردوە، هۆکارەکەی ئەوەبووە کە پەتای گەندەڵی چارەسەری هەیە، بەڵام ئەگەر خودی ملهوڕیەکە ئەمجارە بەخاتری فەرهەنگو دابونەریتی دواکەوتوانەو کۆنەپەرستانە ئەنجام بدرێت، ئەوا ئەمجارە شێرپەنجەیەو پەتاکە کوشندەیەو چارەسەری نیە. بۆیە بەهەرئەندازەیەك کەئەگەر خەڵك ملبدات بەو پێشێلکایەو ئەو دەستدرێژیانە بۆسەر مافو ئازادییەکان، بەهەمان ئەندازە ڕێگەی بۆ گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ سەدەکانی خۆشکردوە. بۆیە بانگەوازتان ئەکەین بۆ هاتنە مەیدان دژ بەفەرز کردنی فەزای کۆنەپەرستیو دواکەوتوانە بەسەر کۆمەڵگاداو ڕێگەنەدەین دواکەوتوترین بەشی کۆمەڵگا ژیانو کردەوەو ئایندەی سەرجەم کۆمەڵگا ئاڕاستە بکات.

**ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

2007-6-25